# کێشەی (من) و کارەساتستانی نوێنەرایەتی

بە پانتایي زەمەنە د وورو نزیکەکانی ڕابردوو و ئێستا،مێژوو کردەی قارەمانێتي و پاڵەوان و بلیمەتی ئەو کەسانەن کە توانیویانە جڵەوی ڕۆژگار لە دەست بگرن و بڕیاری (حاسم) بدەن . ئەویش بە هۆ و پاڵپشتی تاکە سووتەمەنی ئەو بڕیار و قارەمانێتیانە کە (من)م! ئەوەی هۆلاکۆی لە مێژوو چەسپاند، ئەو دەیان هەزار (من)ەیەکە لە مەغۆلستان و سەمارقەند و بوخارستەوە تا کوردستان خوێنیان ڕشت. یان بە پێي ووتەی برێخت ئەوەی دیواری مەزنی ووڵاتی چینی بنیاد نا، ئیمپراتۆری چین نەبوو،ئەو سەدان هەزار (من)ە بوو کە دەریایەك ئارەقە و کێویێك ڕەنج و تەقەللایان دا. ئەوەی هەرەمەکانی ووڵاتی میسری دروست کرد،فیرعەون نەبوو،بەڵکو ئەو هەزاران (من)ە بوو کە بە بێ ناسنامە بووین بە سەربازێکی ڕۆبۆتی و بێ ئەوەی پرسیارەکانمان دەربڕین!.

(من)ی لاڵ و بێ دەرەتان ،هەمیشە جێگای تاقیکردنەوەی ئایدۆلۆژیاو بیر و باوەڕە جیا جیاکان بوومە و وەکو تاقیگەیەك هەر لە میتۆد وتێروانینی سیا سیەوە تا دەگاتە چەکی (من) کوژ و تەکنەلۆژیام لێ تاقیکراوەتەوە و حەکیم و فەیلەسوف و سیاسەتمەدارەکانیش کەوتوونەتە گیانی جەستەی فکری (من) و هەر جارەی بە ئاقارێکدا بە کێشیان هێناوم و هەر ڕۆژە جۆرە سەمایەکی تایبەتیان پێ کردووم،(من)یش دوور لە ئیرادە و بەگەڕ خستنی توانا فیکری و زهنییەکانی زاتی خۆم هەمیشە پەیژەی سەرکەوتن و هەڵکشانی نوێنەرەکانم (ئێستا)و سەرکردە و پاشا و میرەکانی (ڕابردوو)بوومە و سەر لەقێنەر و تەنانەت لە باشترین حاڵەتدا خەریکی جوینەوە بوومە. (من) لا فەلسەفە، لە سیاسەت، لا ئابووری و لا هونەریش،هەر خەریکی ڕاکێشانی جەستەی کەنەفتی بێ دەنگی بوومە و بوومەتە (من)ێکی بێ دەست و زمان .هەر ئەم (من)ە لا خۆشی و نا خۆشی ڕۆژگارەکاندا یان خەریکی شین و شەپۆڕ ، یان چەپڵە کوتین بوومە. جارێك ئاوڕم لە ناوەڕۆکی واقعی ئەم (من)ە نەداوەتەوە و هەر بۆیە (من) بوومەتە (من)ێکی بێ گیان و سووتەمەنی،(من)ێکی لاڵ و بێ زمان،(من)ێکی شەر کەر و کوژراو، (من)ێکی ئاسودە و خەمبار،(من)ێکی یرەك و نەزان. هەرچەندە(من) لە ڕێزماندا جێگاو شوێنێکم هەیە و هیچ زمانەوان و پەیڕەوکەرانی ڕێزمان نیە لە کاتی شیکردنەوەدا بتوانێ بێ دەربەست بێ لە ئاستما و بتوانێ حیسابم بۆ نەکات و لە یادم بکات!، بەڵام هەر کە کەوتمە دەرەوەی ڕستە ، ئیتر (من) هیچ جێ و شوێنێکم نامینێ لە (اعراب) و دەیان پسپۆڕ و فەیلەسوف و سیاسەتمەدار خۆیان

دەکەنە خاوەنم و با ئارەزووی خۆیان و بەناوی (من)ەوە قسە دەکەن وئیتر (من)ی گرنگ لە ڕێزمان دەبمە (من)ێکی بێ ڕوح و گیان!.

وورد بوونەوە لە (من) و تێ گەیشتن لە ناوەڕۆکی (من)، خۆی بە مانای هە ڵگیرساندنی مەشخەڵی ڕەت کردنەوەی ئەو نوێنەرایەتیەیە کە (من)ی مرۆڤی خاوەن هزری ئازاد کرد وُتە (من)ی دەستەمۆ و دەستە پاچە پێویستە و کاتی ئەوەیە کە (من) بکەومە خۆ کۆکردنەوە و نوێنەرایەتی کرد نی خۆم.

واتە هاوکێشەکە لە من + ژیان = نوێنەر

دەبێ بگۆڕد رێ بە

من + ژیان = من عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) ١٩٩٩/٣/٢٦ کەنەدا